**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**ژمارەی دەرچوون: ١٣**

**مێژووی دەرچوون: ٢٠١٨/٧/٩**

پشت بە حوکمی برگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی رۆژی ٢٠١٨/٧/٢ ئەنجامیداوە و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە لە برگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٨
## یاسای هەمواری سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی
## لە هەرێمی کوردستان - عیراق ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩

**ماددەی (١):**

**برگەیەك بە ڕێزبەندی (چوارەم) بۆ ماددەی (٣)ی یاساکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**چوارەم:** ماوەی پارێزەرایەتی کردن بە ڕاژەیەکی شایستە دادەندرێت بۆ مەبەستەکانی دامەزراندن و سەرموچە و پلە بەرزکردنەوەی خانەنشینی لە فەرمانگە فەرمیەکان و کەرتی هاوبەش ( قطاع مختلط).

**ماددەی (٢):**

**برگەیەك بە ڕێزبەندی (دەیەم) بۆ ماددەی (٤)ی یاساکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**دەیەم:** هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت و لە کوردستانی عێراق بەشێوەیەکی هەمیشەیی نیشتەجێ بێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پرەنسیپی مامەڵەکردنی چوونیەك (المعاملة بالمثل)

**ماددەی (٣):**

**ماددەی (٦)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** نابێت نێوانی ئەندامێتیی سەندیکاو وەزیفە گشتییەکان یان سەندیکا پیشەییەکانی دیکە یان هەر سەندیکایەکی دیکەی پارێزەران کۆبکرێتەوە.

**دووەم:** پێویستە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا و سەرۆکی لقەکان خۆیان تەرخان بکەن بۆ کاری سەندیکا و، کاری پارێزەرایەتی نەکەن لەو ماوەیەدا.

**ماددەی (٤):**

**ماددەی (١١) ی یاساکە هەواردەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**ماددەی (٤٨):**

**یەکەم:** ئەنجومەنی سەندیکا بنەما و پێوەرەکانی قبوڵ کردن و تۆمارکردن لە سەندیکا دیار دەکات.

دووەم: سەندیکا مافی هەیە پەیمانگەیەك یان ناوەندێکی تایبەت لەسەر بنەمای زانستی یان پیشەیی دابمەزرێنێت بۆ ئامادەکردن و ڕاهێنان و شیاندنی ئەوانەی دەیانەوێت ببنە ئەندام لە سەندیکا یان ئەوانەی ئەندامن تیایدا، ئەنجومەنی سەندیکا پێڕەوێك دەردەکات بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئەوانەی کە حوکمی ئەم بڕگەیە دەیانگرێتەوە.

سێیەم: بە ڕەچاوکردنی حوکم و بنەماکانی هاتوو لە بڕگەکانی (یەکەم) و (دووەم)ی ئەم ماددەیە، پارێزەران بەپێی ناونوسران و پێش یەکتری (الاقدمیە) لەو ناوانەی خوارەوە پێکدێت:

١- ناوی پارێزەر ( ڕاوێژکار).

٢- ناوی پیادەکار (الممارسون).

٣- ناوی پارێزەرە مەشقکارەکان (المتمرنین).

**ماددەی (٥):**

**بڕگەی (یەکەم) ی ماددەی (١٣) ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**یەکەم:** پێویستە پارێزەر ساڵانە بەرامبەری بەشداربوون و رسوماتی بڕیاردراو لە ماوەی هەردوو مانگی کانوونی دووەم وشوباتی هەر ساڵێك بدات، لە کاتی دواکەوتن لە وادەی دیاریکراو، ڕێژەی (٢٥٪) بیست و پێنج لە سەدی بەرامبەر بەشداربوون و رسوماتی ساڵانەی بۆ زیاد دەکرێت.

**ماددەی (٦):**

**بڕگەی چوارەمی ماددەی (١٦) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**چوارەم:** ماوەی ڕاژە لە دادگاکان، داواکاری گشتی، فەرمانگەکانی دادوەریی یان بەڕێوەبەرایەتییەکانی ماف لە یەکێك لە فەرمانگەکانی هەرێم یان وانەووتنەوە لە کۆلێژی یاسا، لە دوای وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسا یان ئەوەی هاوتایەتی، بۆ مەبەستەکانی پلەبەندی دەقکراو لەم یاسایە هەژمار دەکرێت.

**ماددەی (٧):**

**بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٢٥)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**یەکەم:** پێویستە لەسەر ئەو کۆمپانیا نیشتیمانیی (پشکدار بێت یان خاوەن بەرپرسێتیی سنووردار) و بیانییانەی لە هەرێم کار دەکەن، یان لقییان هەیە لە هەرێم، لەگەڵ ئەو بانك و کارگانەی لە وەزارەتی پیشەسازی و دەستەی گشتی وەبەرهێنان تۆمارکراون و تۆڕەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکان، گرێبەست لەگەڵ پارێزەرێك یان زیاتر بکات بۆ پێشکەشکردنی راوێژی یاسایی.

**ماددەی (٨):**

**ماددەی (٢٦)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**ماددەی (٢٦):**

نابێت هیچ کۆمپانیایەك، نیشتیمانیی یان بیانی، تۆمار بکرێت هەتا ڕێکخستنی گرێبەستی دامەزراندنی، تۆمارکردنی یان تۆمارکردنی لقەکەی لایەنی کەم لەلایەن پارێزەرێکی پیادەکارەوە (ممارس) ڕێکنەخرابێت.

**ماددەی (٩):**

**بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٣٥) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**دووەم:**

١. بە ڕێژەی (١٠٪)ی دە لەسەدای بەهای حوکم پێدراو بەو مەرجەی لە (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار یان ئەوەی هاوتایەتی زیاتر نەبێت.

٢. بە ڕێژەی (٥٪)ی پێنج لەسەدای بەهای بەرامبەری بەخاوەنکردن (استملاك) بەو مەرجەی لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار یان ئەوەی هاوتایەتی زیاتر نەبێت.

٣. بەوەی کەمتر نییە لە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار یان ئەوەی هاوتایەتی و زیاتر نییە لە (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد وپەنجا هەزار دینار یان ئەوەی هاوتایەتی لە باری کەسێتیی و ئەو دەعوایانەی بەهاکەیان دیار نییە و لەو دەعوا سزاکارییانەی تیایدا تێڕوانین بۆ مافی مەدەنی دەکرێت.

**ماددەی (١٠):**

**بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٣٩)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**یەکەم:** پارێزەر دەتوانێت گرێبەستێکی نووسراو لەگەڵ بریکار بۆکراو (موکل) بکات، گرێبەستەکە لای سەندیکا بە ئامادەبوونی هەردوولا پەسەند دەکرێت بەرامبەر دانی رەسمێکی بڕاوە بەبڕی (١٥,٠٠٠) پازدە هەزار دینار یان ئەوەی هاوتایەتی.

**ماددەی (١١):**

**ماددەی (٤٨) ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**ماددەی (٤٨):**

**یەکەم:** دەستەی گشتیی سەندیکا لە کۆنگرەیەکی گشتیدا کۆدەبێتەوە لەسەر بانگهێشتی ئەنجومەنی سەندیکا هەر (٣) سێ ساڵ جارێك ئەویش لە ڕێگەی نێردەکان (مندوبین) کە ڕێژەکەیان لە لایەن ئەنجومەنی سەندیکا دیاری دەکرێت و بە هەڵبژاردن دیاری دەکرێن.

**دووەم:** کۆنگرە بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەهای نێردەکان دەبەسترێ بە پێچەوانەوە بۆ رۆژی دواتر دوادەخرێ و لەو حاڵەتەدا بە ئامادەبوونی (٣/١) یەك لەسەر سێی نێردەکان دەبەسترێ بە پێچەوانەوە لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکاوە کاتێکی تری گونجاو بۆ بەستنی کۆنگرە دیار دەکرێت، بەمەرجێ لە (٣٠) سی رۆژ تێپەرنەکات.

**سێیەم:** کۆنگرە ڕێکەوت و چۆنیەتی وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی (سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا) دیار دەکات و تاوەکو هاتنی وادەکە ئەنجومەنی سەندیکا بەردەوام دەبێت تەنها بۆ بەڕێوەبەردنی کاروباری رۆژانەی سەندیکا.

**چوارەم:** ژمارەی یاسایی دەستە گشتی سەندیکا بۆ هەڵبژاردنی (سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا) بە ئامادەبوونی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی تۆمارکراو دێتە ئاراوە و بە پێچەوانەوە هەڵبژاردن دوادەخرێت بۆ رۆژی دواتر و ژمارەی یاسایی دێتە ئاراوە بە ئامادەبوونی (٣/١) یەك لەسەر سێی ژمارەی ئەندامە تۆمارکراوەکان و لەکاتی نەهاتنە ئارای ئەم ژمارەیەش سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا بەردەوام دەبن لە کارەکانیان بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ ئەگەر هاتو دوای (٣) سێ مانگ ڕێژەی (٣/١) یەك لەسەر سێی ئەندامان ئامادەنەبوون ئەوا بەرێژەی ئامادەبوان هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت.

**ماددەی (١٢):**

**ماددەی (٤٩) ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**ماددەی (٤٩):**

**یەکەم:** دەستەی گشتیی سەندیکا لە ڕێگەی نێردەکانییەوە لە کۆنگرە ئەم دەسەلاّت و تایبەتکارییانەی خوارەوە پیادە دەکات:

١. گفتوگۆکردنی کارەکانی ئەنجومەنی سەندیکاو پەسەندکردن و بڕیاردانی ژمێرە کۆتاییەکانی بودجەی پێشوو و بڕیاردانی بودجەی نویٚ کە ئەنجومەنی سەندیکا بۆ (٣) سیٚ سالّی داهاتوو ئامادەی دەکات.

٢. تێڕوانین و یەکلایی کردنەوە لە کاروباری پارێزەران کە لە خشتەی کاردا هاتوون و تێڕوانین لەو پێشنیارانەی پێشکەشی کراون لە گشت ئەو شتانەی پەیوەندارن پێیەوە.

٣. پێشنیاری هەموارکردنی رسومات و هاوبەش و پێبژاردن بۆ سەندیکاو سندوقی خانەنشینیی.

٤. بڕیارەکانی کۆنگرەی گشتی پابەندن و بە زۆرینەی ئەندامە ئامادەبووەکان دەردەکرێت.

**دووەم:** دەستەی سەرپەرشتیار لەسەر کارەکانی کۆنگرە بانگهێشتی دەستەی گشتی دەکات بە تەواوی ئەندامە تۆمارکراوەکانی لە تۆمار و ئەوانەی بەرامبەری بەشداربوونی سالاّنەیان داوە بۆ هەلّبژاردنی سەرۆکی سەندیکا و ئەندامانی ئەصلّی و یەدەگی ئەنجومەنی سەندیکا لەو رۆژەی بۆ ئەم مەبەستە دیارکراوە و لە رووی کارگێڕی و تەکنیکی رێکی دەخات و مافی نییە دەستبخاتە نێو رێڕەوی هەلّبژاردنەکان یان ئەنجامەکانی و، چەند دادوەرێك لە دادگای تێهەلّچوونەوەی تایبەتمەندی ناوچەکە سەرپەرشتی ئەنجامدانی هەلّبژاردن دەکەن و کۆنووسەکانی رێکدەخەن و ئەنجامەکانی جێگیر دەکەن و ڕایدەگەیەنن.

**سێیەم:** دادگای تەمییزی هەرێم تایبەتمەند دەبێت بە تێڕوانین بەشێوەی بەپەلە لەو تانانەی پێشکەش دەکرێن لەسەر پرۆسەی هەلّبژاردنەکان کە پێویستە لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژ پێشکەش بکرێن کە لە رۆژی دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەلّبژاردنەکان دەست پێدەکات و بڕیاری دادگا لەم بارەیەوە ملکەچ دەبێت بۆ تانەلێدانی لە لای دەستەی گشتیی دادگای تەمییز لە رێگەی داواکردنی راستکردنەوە ئەویش لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژدا.

**ماددەی (١٣):**

**هەردوو بڕگەی (یەکەم) و (دووەم)ی ماددەی (٥٠) ی یاساکە هەموار دەکرێن و بەم شێوەیە دەخوێندرێنەوە:**

**یەکەم:** نێردراوی کۆنگرەی گشتی بەشێوەیەکی نائاسایی لە ناوەندی سەندیکا کۆدەبنەوە لەسەر بانگهێشتی (٣/٢) دوو لەسەر سێی ئەنجومەنەکەی یان (٣/١) یەك لەسەر سێی ئەندامە تۆمارکراوەکانی.

**دووەم:** ژمارەی یاسایی کۆبوونەوەی نائاسایی بە ئامادەبوونی بەلای کەم (٣/١) یەك لەسەر سێی نێردەکان لە ئەندامانی کۆنگرە دێتە ئاراوە، بە پێچەوانەوە بۆ رۆژی دواتری دوادەخرێت و لە کاتی نەهاتنە ئارای ئەم ژمارەیە ئەوا کۆبوونەوەکە هەلّدەگیرێت.

**ماددەی (١٤):**

**بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٥٨)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی دەخوێندرێتەوە:**

یەکەم: دامەزراندنی فەرمانبەر و کارمەندان بەشێوەی گرێبەست بۆ راییکردنی کارەکانی سەندیکا و کۆتایی پێهێنانی راژەکانیان بەشێوەیەك مەرجەکانی دامەزراندن و مووچە و بنەماکانی بەرزکردنەوەی هاتوو لە یاسای ڕاژەی مەدەنی ڕەچاو بکرێت.

**ماددەی (١٥):**

**ماددەی (٦٥)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**ماددەی (٦٥):** سکاڵای بەرزەفتەیی بە نووسراو لە لایەن سەرۆکی سەندیکا یان سەرۆکی داواکاری گشتی یان هەر دادگایەك یان لایەنێکی فەرمیی یان لە لایەن بریکاربۆکراو دەجولێندرێت لەم حاڵەتەش بریکاربۆکراو بارمتەیەك (تأمینات) دەدات بڕەکەی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینارە یان ئەوەی هاوتایەتی، ئەگەر لە دەعواکەی خاوەن ماف دەرچوو ئەوا بۆی دەگێڕدرێتەوە، بەپێچەوانە وەك داهاتێکی کۆتایی بۆ سەندیکا تۆمار دەکرێت.

**ماددەی (١٦):**

**ماددەیەك بۆ یاساکە زیاددەکرێت بە ڕێزبەندی ( ١٨ی دووبارە) و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**ماددەی (١٨)ی دووبارە:**

**یەکەم:** پارێزەرە راوێژکارەکان یان ئەوانەی پیادەکارن (ممارس) دەتوانن نووسینگەی تایبەت بەخۆیان یان هاوبەش لە شوێنی کاکردنیان کە لە لای سەندیکا جێگرکراوە، بکەنەوە.

دووەم: دەکرێت نووسینگە بەناوێکی تایبەت بەخۆی بکرێت کەوا لە تۆمارێکی تایبەت لە لای سەندیکا تۆمار دەکرێت ئەویش لە دوای ئەو ڕێکارانەی سەندیکا بە ڕێنمایی دیاری دەکات و ئەنجومەنەکەی بڕیاری لەسەر دەدات.

**ماددەی (١٧):**

**بەشێك بۆ یاساکە زیاد دەکرێت بە ڕیزبەندی (بەشی دەیەم) لە ژێر ناونیشانی (کۆمپانیاکانی پارێزەرایەتیی)، ڕێزبەندی بەشی دەیەمی یاساکە دەبێتە (بەشی یازدەم):**

**بەشی دەیەم**

**ماددەی (٧٧)ی دووبارە:**

**یەکەم:** پارێزەرانی ڕاوێژکار بۆیان هەیە کۆمپانیایەکی مەدەنی پیشەیی بۆ پارێزەرایەتی و راوێژکاریی یاسایی دابمەزرێنن بە سیفەتی هاوبەشیی پێکەوەیی لە رووی نەیاریی و بەرپرسێتییەوە بەرامبەر بەکەسانی دیکە لە یەك نووسینگە یان زیاتر بە مەبەستی پارێزەرایەتی کردن و پێشکەش کردنی راوێژی یاسایی و بۆیان نییە نوێنەرایەتی ئەو لایەنانە بکەن کەوا بەرژەوەندییەکانیان دژ بەیەکە و بۆیان هەیە پارێزەرایەتی بکەن لە چوارچێوەی کۆمپانیا یان لە دەرەوەی، بەگوێرەی بەندەکانی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوانیان واژووکراوە.

**دووەم:** کۆمپانیا کەسایەتی مەعنەوی هەیە و مافی هەیە پیشەی پارێزەرایەتی بکات لە ڕۆژی تۆمارکردنیەوە لە تۆماری کۆمپانیا مەدەنییەکان لەلای بەشی کۆمپانیاکان لە سەندیکا لەدوای پەسەندکردنی ئەنجومەن لەسەر پێڕەوی بنەڕەتی و گرێبەستی دامەزرێنەری کۆمپانیاکە.

**سێیەم:** ناوی کۆمپانیاکە ناوێکی گوزارەی شیاو دەبێت بە پیشەکە یان ناوی هەموو هاوبەشەکانە یان ناوی یەکێکیانە لەگەڵ (هاوبەشەکانی) و بەردەوام دەستەواژەی (کۆمپانیای مەدەنیی پیشەیی پارێزەرایەتی) یان (کۆمپانیای پارێزەرایەتی) لەدوای دێت.

**چوارەم:**

١. هیچ هاوبەشێك مافی نییە لە مافەکانی لە کۆمپانیا بێتە خوارەوە بۆ کەسانی جگە لە هاوبەشەکانی مەگەر بە ڕەزامەندیی نووسراوی هەموویانەوە بێت.

٢. هەر هاوبەشێك مافی هەیە لە کۆمپانیا بێتە دەرەوە لە دوای ئاگادار کردنەوەی هاوبەشەکانی لەم بارەیەوە بەلای کەم بەر لە (٣) سێ مانگ.

٣. پارێزەر مافی نییە ببێتە هاوبەش لە زیاتر لە یەك کۆمپانیا لەو کۆمپانیایانەی لەم یاسایەدا دەقییان لەسەرکراوە.

٤. پارێزەر مافی نییە لە کۆمپانیا بە هاوبەش بمێنێتەوە ئەگەر لە پیادەکردنی پیشە قەدەغە کرابێت یان ناوی لە خشتەی پارێزەران لەبەر هەر هۆیەك بێت، ڕەشکرابێتەوە.

**پێنجەم:** لە کاتی نەبوونی دەق بۆ چارەسەری حاڵەتی پێویست لە کۆمپانیاکانی پارێزەرایەتیی مەدەنی دەکرێت بۆ حوکمەکانی هاتوو لە یاسای مەدەنی و یاسا بەرکارەکانی دیکەی پەیوەندار گەڕانەوە بکرێت.

**شەشەم:** سەرۆکی سەندیکا یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات گرتنەبەری ڕێکارەکانی هەڵوەشاندنەوەو پاکتاوکردنی کۆمپانیای مەدەنیی پارێزەرایەتی بەپێی یاسای پارێزەرایەتی و ڕێنماییەکانی لە ئەستۆ دەگرێت.

**حەوتەم:** ئەنجومەنی سەندیکا بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربارەی بەیانی گرێبەستی دامەزراندنی کۆمپانیا و چۆنیەتی ڕێکارەکانی تۆمارکردنی لەلای سەندیکا و هەڵوەشاندنەوەی یان پاکتاوکردنی، دەربکات.

**هەشتەم:** پێویستە لەسەر گشت ئەو کۆمپانیایانەی پارێزەرایەتی کە لە هەرێم کار دەکەن، خۆماڵی بێت یان بیانی کە پێشتر بەپێی یاسای دیکە دامەزراون، باری یاسایی خۆیان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و ئەو ڕێنماییەی بەپێی ئەم یاسایە دەردەچن لە ماوەی (٦) شەش مانگ لە بەرکاربوونی ئەم یاسایە بگونجێنن و هەمواری بکەن. لەگەڵ ڕەچاوکردنی بنەمای مامەڵەی چوونیەك (المعاملة بالمثل).

**نۆیەم:** کۆمپانیاکانی پارێزەرایەتی وەك کەسایەتییەکی مەعنەوی ئەو لایەنانە کە لە یاسا بەرکارەکان وەسفکراوە بۆ مەبەستەکانی بریکارنامەیی و پێڕاگەیاندنی یاسایی و دادبینی و گشت ئەو کاروبارانەی کە پەیوەندیدارن بە پیشەی پارێزەرایەتی کردنەوە تەنها لەو حاڵەتانە نەبێت کە تیایدا ناکرێت.

**ماددەی (١٨):**

**ماددەیەك بۆ یاساکە زیاددەکرێت بە ڕیزبەندی ( ٤٤ی دووبارە) و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**ماددەی (٤٤)ی دووبارە.**

هەر پارێزەرێك کەسی پلە یەکی دادوەر بێت لەلایەن ئەو دادوەرە داواکەی نابینرێت.

**ماددەی (١٩):**

**ماددەیەك بۆ یاساكە زیاددەكرێت بە ڕێزبەندی (٢٤ی دووبارە) و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**ماددەی (٢٤)ی دووبارە:**

**سەندیكا بۆی هەیە:**

**یەكەم:** خاوەن پێداویستی تایبەت یان ئەوانەی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەتیان هەیە لە رسوومات و بەشداری ساڵانەی سەندیكا ببەخشرێت.

**دووەم:** بەخشش (منحە) بدات بە پارێزەری خاوەن پێداویستی تایبەت.

**سێیەم:** قەرزی نەختینەیی بدات بە پارێزەری خاوەن پێداویستی تایبەت.

**ماددەی (٢٠):**

دەستەواژەی (سەرۆكی سەندیكا) جێگەی دەستەواژەی (نەقیبی پارێزەران) دەگرێتەوە لە هەر شوێنێكی یاسای پارێزەرایەتی هاتبێت.

**ماددەی (٢١):**

ئەنجومەنی سەندیكا بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربكات.

**ماددەی (٢٢):**

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێكی ناكۆك لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكرێت.

**ماددەی (٢٣):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی (٢٤):**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان)دا جێبەجێ دەكرێت.

## هۆیەكانی دەرچواندن

لە پێناو بەرزكردنەوەی ئاستی پیشەیی و زانستی كاری پارێزەرایەتی ئەندامانی سەندیكا و پەیڕەوكردنی بەرچاوگرتنی بنەماكانی دیموكراسیەت و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو پێشكەوتن و پەرەسەندنانەی لەم بوارەدا هاتۆتە كایەوە، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بێگەرد دلشاد شكرالله**
**سكرتێری پەرلەمانی**
**كوردستان ـ عیراق**

**جعفر إبراهيم ئێمینكی**
**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان ـ عیراق**

**يوسف محمد صادق**
**سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان ـ عیراق**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان – العراق**

**رقم الإصدار: ١٣**

**تاريخ الإصدار: ٩/ ٧/٢٠١٨**

استناداً إلى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان، وبناءً على ما شرعه البرلمان في جلسته الاعتيادية رقم (٣) بتأريخ ٢٠١٨/٧/٢، وبموجب السلطة الممنوحة لرئاسة البرلمان بموجب الفقرة (ثالثاً) من (المادة الأولى) من القانون رقم (٢) لسنة ٢٠١٧، قرر إصدار القانون الآتي:

## القانون رقم (٨) لسنة ٢٠١٨
## قانون التعديل الثالث لقانون المحاماة
## في إقليم كوردستان – العراق رقم (١٧) لسنة ١٩٩٩

**المادة (١):**

**تضاف فقرة بتسلسل (رابعاً) إلى المادة (٣) من القانون وتقرأ على الوجه الآتي:**

**رابعاً:** تعتبر مدة ممارسة المحاماة خدمة مجزية لأغراض التعيين والعلاوة والترفيع والتقاعد في الدوائر الرسمية والقطاع المختلط.

**المادة (٢):**

**تضاف فقرة بتسلسل (عاشراً) إلى المادة (٤) من القانون وتقرأ على الوجه الآتي:**

**عاشراً:** أن يكون حاملاً للجنسية العراقية ومقيماً في كوردستان العراق بصورة دائمة، مع مراعاة مبدأ المعاملة بالمثل.

**المادة (٣):**

**تعدل المادة (٦) من القانون وتقرأ على الوجه الآتي:**

**المادة (٦):**

**أولاً:** لا يجوز الجمع بين عضوية النقابة والوظائف العامة أو النقابات المهنية الأخرى أو أية نقابة أخرى للمحامين.

**ثانياً:** على رئيس وأعضاء مجلس النقابة ورؤساء الفروع التفرغ لأعمال النقابة، وعدم ممارسة المحاماة في هذه المدة.

**المادة (٤):**

**تعدل المادة (١١) من القانون وتقرأ على الوجه الآتي:**

**المادة (١١):**

**أولاً:** يحدد مجلس النقابة أسس ومعايير القبول والتسجيل في النقابة.

ثانياً: للنقابة الحق في تأسيس معهد أو مركز خاص على أسس علمية أو مهنية لإعداد وتدريب وتأهيل الراغبين في الانتماء إلى النقابة أو المنتمين إليها، ويصدر مجلس النقابة نظاماً لتنظيم أمور المشمولين بأحكام هذه الفقرة.

ثالثاً: مع مراعاة الأحكام والأسس الواردة في الفقرتين (أولاً) و(ثانياً) من هذه المادة، يتألف سجل المحامين وفق التسجيل والأقدمية من الأسماء الآتية:

١- أسماء المحامين المستشارين.

٢- أسماء المحامين الممارسين.

٣- أسماء المحامين المتمرنين.

**المادة (٥):**

**تعدل الفقرة (أولاً) من المادة (١٣) من القانون وتقرأ على الوجه الآتي:**

أولاً: على المحامي دفع بدل الاشتراك والرسوم المقررة سنوياً خلال شهري كانون الثاني وشباط من كل سنة، وعند التأخر عن المدة المحددة، تضاف إليها نسبة (٢٥٪) خمسة وعشرين من المائة من بدل الاشتراك والرسوم السنوية.

**المادة (٦):**

**تعدل الفقرة (رابعاً) من المادة (١٦) من القانون وتقرأ على الوجه الآتي:**

رابعاً: تحتسب مدة الخدمة في المحاكم، والإدعاء العام، والدوائر العدلية أو مديريات الحقوق في إحدى دوائر الإقليم أو التدريس في كليات القانون، بعد نيل شهادة البكالوريوس في القانون أو ما يعادلها، لأغراض التدرج المنصوص عليه في هذا القانون.

**المادة (٧):**

**تعدل الفقرة (أولاً) من المادة (٢٥) من القانون وتقرأ على الوجه الآتي:**

أولاً: على الشركات الوطنية (المساهمة أو ذات المسؤولية المحدودة) والأجنبية العاملة في الإقليم، أو التي لها فرع في الإقليم، والبنوك والمعامل المسجلة لدى وزارة الصناعة والهيئة العامة للاستثمار وشبكات الإعلام والمنظمات، التعاقد مع محام أو أكثر لتقديم المشورة القانونية.

**المادة (٨):**

**تعدل المادة (٢٦) من القانون وتقرأ على الوجه الآتي:**

المادة (٢٦):

لا يجوز تسجيل أية شركة، وطنية كانت أو أجنبية، إلا بعد تنظيم عقد تأسيسها وتسجيلها أو تسجيل فرعها من قبل محام ممارس في الأقل.

**المادة (٩):**

**تعدل الفقرة (ثانياً) من المادة (٣٥) من القانون وتقرأ على الوجه الآتي:**

ثانياً:

١. بنسبة (١٠٪) عشرة من المائة من قيمة المحكوم به على أن لا تزيد على (٢,٠٠٠,٠٠٠) مليوني دينار أو ما يعادلها.

٢. بنسبة (٥٪) خمسة من المائة من قيمة بدل الاستملاك على أن لا تزيد على (١,٠٠٠,٠٠٠) مليون دينار أو ما يعادلها.

٣. بما لا يقل عن (١٠٠,٠٠٠) مائة ألف دينار أو ما يعادلها ولا يزيد على (٢٥٠,٠٠٠) مائتان وخمسون ألف دينار أو ما يعادلها في الأحوال الشخصية والدعاوى غير محددة القيمة وفي الدعاوى الجزائية التي يتم البت فيها بالحق المدني.

**المادة (١٠):**

**تعدل الفقرة (أولاً) من المادة (٣٩) من القانون وتقرأ على الوجه الآتي:**

**أولاً:** للمحامي الاتفاق مع موكله بعقد تحريري، ويصدق العقد لدى النقابة بحضور الطرفين مقابل دفع رسم مقطوع مقداره (١٥,٠٠٠) خمسة عشر ألف دينار أو ما يعادلها.

**المادة (١١):**

**تعدل المادة (٤٨) من القانون وتقرأ على الوجه الآتي:**

**المادة (٤٨):**

**أولاً:** تجتمع الهيئة العامة للنقابة في مؤتمر عام بناء على دعوة مجلس النقابة مرة واحدة كل (٣) ثلاث سنوات وذلك من خلال مندوبين تحدد نسبهم من قبل مجلس النقابة ويختارون بالانتخاب.

**ثانياً:** ينعقد المؤتمر بحضور الأغلبية المطلقة للمندوبين وبخلافه يؤجل إلى اليوم التالي وفي هذه الحالة ينعقد بحضور (٣/١) ثلث عدد المندوبين وبخلافه يحدد مجلس النقابة موعداً آخراً مناسباً لعقد المؤتمر، على أن لا يتجاوز (٣٠) ثلاثين يوماً.

**ثالثاً:** يحدد المؤتمر تأريخ وكيفية إجراء انتخاب (الرئيس وأعضاء مجلس النقابة) ولحين حلول هذا التأريخ يستمر مجلس النقابة لإدارة الشؤون اليومية للنقابة فقط.

**رابعاً:** يتحقق النصاب القانوني للهيئة العامة للنقابة لانتخاب (الرئيس وأعضاء مجلس النقابة) بحضور الأغلبية المطلقة للأعضاء المسجلين وبخلافه يؤجل الانتخاب إلى اليوم التالي ويتحقق النصاب القانوني بحضور (٣/١) ثلث عدد الأعضاء المسجلين، وعند تعذر ذلك يستمر الرئيس وأعضاء مجلس النقابة في أعمالهم لمدة (٣) ثلاثة أشهر، وعند عدم حضور (٣/١) ثلث عدد الأعضاء بعد مضي مدة الأشهر (٣) الثلاث تجرى الانتخابات بنسبة الحاضرين.

**المادة (١٢):**

**تعدل المادة (٤٩) من القانون وتقرأ على الوجه الآتي:**

**المادة (٤٩):**

**أولاً:** تمارس الهيئة العامة للنقابة من خلال مندوبيها في المؤتمر السلطات والاختصاصات الآتية:

١. مناقشة أعمال مجلس النقابة وتصديق وإقرار الحسابات الختامية للميزانية السابقة وإقرار الموازنة الجديدة التي يعدها مجلس النقابة للسنوات (٣) الثلاث المقبلة.

٢. النظر في شؤون المحامين الواردة في جدول الأعمال وحسمها والبت في الاقتراحات المقدمة إليها في كل ما يتعلق بذلك.

٣. اقتراح تعديل الرسوم والاشتراكات والغرامات للنقابة وصندوق التقاعد.

٤. تكون قرارات المؤتمر العام ملزمة وتصدر بأغلبية الأعضاء الحاضرين.

**ثانياً:** تدعو الهيئة المشرفة على أعمال المؤتمر الهيئة العامة بكامل أعضائها المسجلين في السجل والمسددين لبدل الاشتراك السنوي لانتخاب رئيس النقابة والأعضاء الأصليين والاحتياط لمجلس النقابة في اليوم المحدد لهذا الغرض وتقوم بتنظيمه من الناحية الإدارية والفنية ولا يحق لها التدخل في سير الانتخابات أو نتائجها، ويشرف قضاة من محكمة الاستئناف المختصة في المنطقة على إجراء الانتخابات وتنظيم محاضرها وتثبيت نتائجها وإعلانها.

**ثالثاً:** تختص محكمة تمييز الإقليم بالنظر بصورة مستعجلة في الطعون المقدمة حول عملية الانتخابات والتي يجب تقديمها خلال مدة (١٥) خمسة عشر يوماً تبدأ من اليوم التالي لإعلان نتائج الانتخابات ويكون قرار المحكمة في هذا الخصوص خاضعاً للطعن فيه لدى الهيئة العامة لمحكمة التمييز عن طريق طلب التصحيح وذلك خلال مدة (١٥) خمسة عشر يوماً.

**المادة (١٣):**

**تعدل الفقرتان (أولاً) و(ثانياً) من المادة (٥٠) من القانون وتقرءان على الوجه الآتي:**

**أولاً:** يجتمع مندوبو المؤتمر العام بصورة استثنائية في مركز النقابة بناء على دعوة (٣/٢) ثلثي مجلسها أو (٣/١) ثلث الأعضاء المسجلين.

**ثانياً:** يتحقق النصاب القانوني للاجتماع الاستثنائي بحضور (٣/١) ثلث عدد المندوبين من أعضاء المؤتمر في الأقل، وبخلافه يؤجل إلى اليوم التالي وعند تعذر تحقق هذا العدد ينفض الاجتماع.

**المادة (١٤):**

**تعدل الفقرة (أولاً) من المادة (٥٨) من القانون وتقرأ على الوجه الآتي:**

**أولاً:** تعيين الموظفين والمستخدمين عن طريق العقد لتسيير أعمال النقابة وإنهاء خدماتهم على أن تراعى في ذلك شروط التعيين والرواتب وأسس الترفيع الواردة في قانون الخدمة المدنية.

**المادة (١٥):**

**تعدل المادة (٦٥) من القانون وتقرأ على الوجه الآتي:**

**المادة (٦٥):**

تحرك الشكوى الانضباطية تحريرياً من قبل رئيس النقابة أو رئيس الإدعاء العام أو أية محكمة أو جهة رسمية أو من الموكل وفي هذه الحالة يدفع الموكل تأمينات قدرها (٣٠,٠٠٠) ثلاثون ألف دينار أو ما يعادلها، تعاد له إن كان محقاً في دعواه، وبخلافه تسجل إيراداً نهائياً للنقابة.

**المادة (١٦):**

**تضاف مادة إلى القانون بتسلسل (١٨ المكرر) وتقرأ على الوجه الآتي:**

**المادة (١٨) المكرر:**

**أولاً:** للمحامين المستشارين أو الممارسين فتح مكاتب خاصة بهم أو مشتركة لهم في محل عملهم المثبت لدى النقابة.

**ثانياً:** تجوز تسمية المكتب باسم خاص به يسجل في سجل خاص لدى النقابة وذلك بعد الإجراءات التي تحددها النقابة بتعليمات ويقرها مجلسها.

**المادة (١٧):**

**يضاف فصل إلى القانون بتسلسل (الفصل العاشر) وتحت عنوان (شركات المحاماة)، ويغير تسلسل (الفصل العاشر) من القانون الى (الفصل الحادي عشر):**

**المادة (٧٧) المكرر:**

**أولاً:** للمحامين المستشارين تأسيس شركة مدنية مهنية للمحاماة والاستشارات القانونية بصفة شركاء متضامنين خصومة ومسؤولية تجاه الغير في مكتب واحد أو أكثر لغرض ممارسة المحاماة وتقديم الاستشارات القانونية ولا يجوز لهم تمثيل الأطراف التي لها مصالح متعارضة ويجوز لهم ممارسة المحاماة في إطار الشركة أو خارجها حسب بنود الاتفاق الموقع بينهم.

**ثانياً:** للشركة شخصية معنوية ويحق لها ممارسة مهنة المحاماة من يوم تسجيلها في سجل الشركات المدنية لدى قسم الشركات في النقابة بعد مصادقة المجلس على نظامها الأساسي وعقد تأسيسها.

**ثالثاً:** يتكون اسم الشركة من اسم علم لائق بالمهنة أو من أسماء جميع الشركاء أو اسم أحدهم مع عبارة (وشركائه) وتتبع دائماً بعبارة (شركة مدنية مهنية للمحاماة) أو (شركة محاماة).

**رابعاً:**

١. لا يحق لأي شريك التنازل عن حقوقه في الشركة لغير الشركاء إلا بالموافقة الخطية لجميع الشركاء.

٢. لأي شريك حق الخروج من الشركة بعد إخطار شركائه بهذا الأمر قبل (٣) ثلاثة أشهر في الأقل.

٣. لا يحق للمحامي أن يكون شريكاً في أكثر من شركة واحدة من الشركات المنصوص عليها في هذا القانون.

٤. لا يحق للمحامي أن يبقى شريكاً في الشركة إذا كان قد منع من مزاولة المهنة أو شطب اسمه من جدول المحامين لأي سبب كان.

**خامساً:** عند عدم وجود نص لمعالجة حالات ضرورية في شركات المحاماة المدنية يمكن الرجوع إلى الأحكام الواردة في القانون المدني والقوانين النافذة الأخرى ذات العلاقة.

**سادساً:** يتولى رئيس النقابة أو من ينوب عنه اتخاذ إجراءات حل وتصفية الشركات المدنية للمحاماة بموجب قانون المحاماة والتعليمات الصادرة بموجبه.

**سابعاً:** لمجلس النقابة إصدار التعليمات اللازمة حول بيان عقد تأسيس الشركة وكيفية إجراءات تسجيلها لدى النقابة وحلها وتصفيتها.

**ثامناً:** على جميع شركات المحاماة العاملة في الإقليم، المحلية أو الأجنبية، المؤسسة سابقاً بموجب قوانين أخرى، تكييف وتعديل أوضاعها القانونية بموجب أحكام هذا القانون والتعليمات الصادرة بموجبه خلال مدة (٦) ستة أشهر من نفاذ هذا القانون. مع مراعاة مبدأ المعاملة بالمثل.

**تاسعاً:** تعتبر شركات المحاماة كشخصية معنوية هي الجهة الموصوفة في القوانين النافذة لأغراض التوكيلات والتبليغات القانونية والمرافعة وجميع الشؤون المتعلقة بممارسة مهنة المحاماة إلا في الحالات التي يتعذر فيها ذلك.

**المادة (١٨):**

**تضاف مادة إلى القانون بتسلسل (٤٤ المكرر) وتقرأ على الوجه الآتي:**

**المادة (٤٤) المكرر:**

لا تنظر دعوى المحامي من قبل القاضي الذي يكون قريباً له من الدرجة الأولى.

**المادة (١٩):**

**تضاف مادة إلى القانون بتسلسل (٢٤ المكرر) وتقرأ على الوجه الآتي:**

**المادة (٢٤) المكرر:**

**للنقابة:**

**أولاً:** إعفاء ذوي الاحتياجات الخاصة أو من له طفل من ذوي الاحتياجات الخاصة من الرسوم وبدل الاشتراك السنوي في النقابة.

**ثانياً:** إعطاء منحة للمحامي من ذوي الاحتياجات الخاصة.

**ثالثاً:** إعطاء قرض نقدي للمحامي من ذوي الاحتياجات الخاصة.

**المادة (٢٠):**

تحل عبارة (رئيس النقابة) محل عبارة (نقيب المحامين) أينما وردت في قانون المحاماة.

**المادة (٢١):**

لمجلس النقابة إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٢٢):**

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (٢٣):**

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٢٤):**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

## الأسباب الموجبة

من أجل رفع المستوى المهني والعلمي لمهنة المحاماة لدى أعضاء النقابة والعمل بمبادئ الديمقراطية ومراعاتها ومواكبة التطورات والمستجدات الحاصلة في هذا المجال، فقد شرع هذا القانون.

**بيكەرد دلشاد شكرالله**
**سكرتير برلمان كوردستان ـ العراق**

**جعفر إبراهيم ئيمينكى**
**نائب رئيس برلمان كوردستان ـ العراق**

**يوسف محمد صادق**
**رئيس برلمان كوردستان ـ العراق**